

## نامدار قەرەداغی:

## هەموو کارەکانمان بۆ کوردایەتی و خزمەتی کورد و هونەر بووە.. لە سەدا نەوەد و نۆی ئەندامانی تیپەکەشمان ئابوونەیان داوە و بە خۆبەخش کاریان کردووە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٣ - ٥)**

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دووکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ، ئەم وەرچەرخانە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری شەوکەت ڕەشید، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە، ئەم هونەرمەندە بۆ گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش کردووە، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە، تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٧ کارێکی زۆر دەکات، بەڵام

لەم ساڵە بەدواوە، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێیان دەکات، ئاواز بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات، بەهۆی ئەو تیپەشەوە دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیدی لەم تیپەدا دەست بەکار دەبێ و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک بە ماڵەوە دەچنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی) لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٧ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ، تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دادەنرێ کە ڕێک لە ١٩٦٩/١٢/٣١



نامدار قەرەداغی- ئازاد عەبدولواحید

دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لەگەڵی بوون و ئەم تیپە نوێیەیان دامەزراندووە، کە پێشتر ئەندامەکانی بە هۆکاری کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەیان جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ، بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ـەوە لەلایان چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەرەکان- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی- بەڕێوەبەرێتیی پێوەندییە گشتییەکان - ژمارە ١١٦٢٤ لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ٦/ ١٩٧٨، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ کە لە ١٩٧٨/٦/٢٥ دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥) کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان محەمەد

قـەدری، مسـتەفا عەبدولڕەحمـان) بـوون. دوای وەرگرتنـی مۆڵەتەکـە، ئەندامـی نـوێ وەردەگـرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بـە پێـی پەیـڕەوی ناوخۆیـی، یەکەمیـن هەڵبژاردنـی تیپەکەیـان دەسـت پـێ دەکات، لـەو هەڵبژاردنـەدا نامـدار عومـەر قەرەداغـی دەبێتـە سـەرۆکی تیپەکـە، حسـێن ئەحمـەد خـدر دەبێتـە سکرتێر، عەلـی حەمـەڕەزا دەبێتـە ژمێریـار، حەمەسـەعید عەبدوڵـڵا و سـەڵاح مەجیـد ڕەسـووڵ دەبنـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی، مەحمـوود محەمەدسـەعید و عەبدولڕەحمـان محەمـەد قـەدری دەبنـە ئەندامـی یـەدەگ.

* تیپـی مۆسـیقای کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی و تیپـی مەولـەوی و تیپـی منداڵانـی (بێخـود) لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠ـەوە تـا ئێسـتا لـە زۆربـەی ئاهەنگەکانـی بۆنـەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بەشـدار بـوون. سـاڵی ١٩٧٤ لـە یەکەمیـن میهرەجانـی هونـەری کـوردی لـە بەغـدا، کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی تێیـدا بەشـدار بـوو، چالاکییەکانیـان هـەر بـە شـارە گەورەکانـی کوردسـتان نەوەسـتاوە، بگـرە زۆرجـار ئاهەنگـی گۆرانـی و مۆسـیقایان بردووەتـە شـارۆچکەکانی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی لەوانـە: هەڵەبجـە، دەربەندیخـان، قـەرەداغ، چوارتـا، قـەڵادزێ، عەربـەت و تـاد.. لـە سـاڵی ١٩٧٧ـەوە بەنـاوی تیپی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، دواتـر لـە سـاڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەنـاوی تیپـی مۆسـیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسـیقادا بەشـدارییان کردووە، بێجگـە لـە ئاهەنگـە بەردەوامەکانیـان لـە شـاری سـلێمانی و شـارۆچکەکانی دەوروبـەری، بـەردەوام لـە شـاری هەولێـر و کەرکـووک و بەغـدا و مووسـڵ ئاهەنگیـان گێـڕاوە.

* لـە شـاری سـلێمانی لـە زۆربـەی ئاهەنگەکانـدا هاوکاریـی مەڵبەنـدی لاوانـی سـلێمانی، کارگەکانـی جگـەرە و شـەکر، یەکێتیـی مامۆسـتایان - لقـی سـلێمانی، یانـەی فەرمانبەرانـی زانکـۆی سـلێمانی و سـەندیکای ئەندازیارانـی سـلێمانی و منداڵانـی بـێ دایـک و بـاوک (میتم)یـان کـردووە، تەنانـەت لـە سلێمانی ئاهەنگییـان بۆ نەخۆشـەکانی نەخۆشـخانەی سـیل گێـڕاوە، ئـەم کارانـە نیشـانەی بوونـی گیانـی هـاوکاری و پێکەوەبییـن کـە بـە فراوانـی و لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکاندا، لەگـەڵ تیپەکانـی نـاو شـاری سـلێمانی، بـە مەبەسـتی بەرەوپێـش بردنـی هونـەری کوردی بـووە، لـەم ڕووەوە هیچ درێغییـان نەکردووە و دەسـتی هاوکارییـان بـۆ هـەر تیپێـک درێـژ کـردووە کە داوای یارمەتییـان لێیـان کردبـێ، هەمیشـە نموونـەی هاوکاریـی نێـوان هونەرمەنـدەکان و تیپـەکان بـوون، هەمـوو ئەوەشـیان هەڵقوڵاوی گیانـی نەتەوەیـی بـووە و لەپێنـاوی بووژانـەوە و بەرەوپێـش بردنـی زیاتـری هونـەری کـوردی ئـەو کارانەیـان کـردووە.

* نامـدار قەرەداغـی هـەر لـە سـاڵی ١٩٦٩ـەوە کە پێوەنـدی بـە (کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کوردی)یـەوە کـردووە، سـەرەتا وەک کەمانچەژەنێـک، دواتـر وەک ئاوازدانـەر و ئامـادەکار و دابەشـکار، کاری پەروەردەیـی و کارگێڕیشـی کـردووە. سـاڵی ١٩٧٢ سـەرەتا بـە گۆرانییـەک بـۆ هونەرمەنـد عوسـمان عەلـی دەسـتی پێکـردووە و (شـەوی بـەرات)ی بـۆ ئامـادە و دابـەش کـردووە، دوابـەدوای ئـەوە گۆرانـی (شـەوانی شـوانی) بـۆ هونەرمەنـد سـەڵاح مەجیـد ئامـادە و دابـەش کـردووە. هـەر لـەو سـەرەتایەوە (٣) گۆرانـی بـۆ عوسـمان عەلـی و (٤) گۆرانـی بـۆ سـەڵاح مەجیـد و (٣) گۆرانـی بـۆ حەمـەی نێرگـس و (٢) گۆرانـی بـۆ عوسـمان شـارباژێڕی، (٢) گۆرانـی بـۆ حەمـە جـەزا، (٢) گۆرانـی بـۆ نیـاز نـووری، (٣) گۆرانـی بۆ کـۆرس ئامادە و دابـەش کـردووە، دواتـر کاری بـۆ گۆرانیبێژان: ئیبراهیـم سـەعید، ئـاوات فایـق، پرتـەو عەبدولعەزیـز، کاژاو شـەوکەت، مەحمـوود محەمەدسـەعید، ئەحمـەد

محەمەد، نیشتمان محەمەد غەریب، عەلی محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەدڕەشید، حەمەڕەئووف عەبدوڵڵا، عەلی محەمەدئەمین، خەڵات خالید دلێر، کەمال ئەمین، ئاری عارف، پەیمان عومەر، جۆرج ئاشووتی کردووە و بۆ هەریەکەیان گۆرانییەکی ئامادە و دابەش کردووە. ساڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی ڕووبار کە (ع. ع. شەونم) بە دەستکارییەوە وەری گێڕاوە، ئەم ئاوازی بۆ داناوە و دابەشی کردووە. لە تیپی میللیشدا، ساڵی ١٩٧٨ (٤) گۆرانی بۆ دارا محەمەد هەورامی و (٣) گۆرانی بۆ کەریم خەمزەیی و گۆرانییەکی بۆ هەریەک لە هونەرمەندان عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئامادە و دابەش کردووە. ئەو گۆرانیانە بەشێکی زۆریان شیعرەکانیان فۆلکلۆرین، ئەوانی دیکەیان شیعری شاعیرانی ناسراوی وەک: مەدهۆش، نووری وەشتی، قادر برسی، عوسمان شاربازێڕی، ماجیدی خەیات، ئەحمەد محەمەد، ڕەووف حەسەن، دڵشاد مەریوانی، شێخ ئەنوەر، شێخ سەلام، سالار قەرەداغی، نامدار قەرەداغی بوون.

* لە بواری کارکردن لە سروودی کوردیدا زۆر کاری جوانی کردووە، چونکە هەر زوو کاریگەری ئەو سروودانەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە زانیوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی بە نهێنی چەندان سروودی نیشتمانی لەلایەن تیپی منداڵانی بێخود بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی تۆمار کردووە، کە لەو سەردەمەدا خۆی سەروکاری ئەو تیپەی کردووە، پاشان سروودەکان لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، ئەو سروودانە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات ناو بە ناو بڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نەتەوەیی گوێگرانەوە هەیە، سروودەکانیش بریتین لە (من پێشمەرگەی کوردستانم)، (ئەی شەهیدان)، (دایە ماڵئاوا)، (هیوا هیوا)، (وڕ و کاس و سەرگەردانم)، (تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم)، (کارگەرین جەنگاوەرین)، (سەدەی بیستەمە)، (من ئەو دیلەم)، (ساڵێکی تریش وا داهاتەوە)، (دەمی ڕاپەڕینە) بوون، سەرجەمی ئەو سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی ئەو هونەرمەندە بوون، سروودی (هیوا هیوا)ش خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئامادە و دابەشی کردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا لەڕێی هاوڕێییەکی خۆی کە لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کاری کردووە، ئەویش بەهۆی چاوساغێکەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێی دەکا، لەوێوە بەرەو ئێران دەچێ، لە ئێران ماوەی چەند مانگێک لە پارکی ئیرەم خۆی و (١٢) هاوڕێی دەستبەسەر دەکرێن، کاتێ بەڕێکەوت کاوەی شێخ لەتیف بەم هەواڵەی زانیوە، بە ئێرانییەکان دەڵێ ئەوانە عایدی خۆمن، بۆیە ئەوانیش پێیان دەڵێن لە پارکی ئیرەمەوە بەرەو کەرەج بڕۆن، لەوێ پارکێک هەیە، لەو پارکە، لە ماوەی هەفتەیەکدا موعامەلەیان بۆ تەواو دەکرێ، پێشیان دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە کەفالەتی ئێوەی نەکردبا، نیازمان وابوو تا کۆتایی شەڕی عێراق- ئێران وەک دەستبەسەر لەلای خۆمان گلتان بدەینەوە، پاشان دەدرانە دادگای شۆڕشی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەلای ئێمە پیاوێکی گەورە و پیرۆزە، بۆیە لە ئێوە خۆش بووین و ئێستا دەتوانن بڕۆن، کە ڕۆیشتوون، بەترانزێت شەوێک لە ڕۆمانیا ماونەتەوە و لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بەرەو (ئەمستردام)ی پایتەختی هۆڵەندا چووە.

* لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەگاتە دەرەوەی وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و نواندن دروست دەکات

و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ، بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی تیپەکەش، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکییانەی هەبووە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە. لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ)وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان ئەم هونەرمەندە خۆی جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندایی بەناوی ئیکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداری چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسۆر ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندی دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان- لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال) گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە سەمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هی خۆی بووە، لە تیپی سەمفۆنیای ڕوچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کراوە، دواتر کۆراڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆراڵی (گیانی شیرین) لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی، لە ڕێگەی تیپی کۆراڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤا تۆریۆم پێشکەش کراوە.

* کارە هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن، لەوانە: لە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم کارە هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کۆنسێرتی ٢٠٠٧/١٠/٧ لە هۆڵەندا، کە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشکردنی خۆی و ئۆرکێستی سەمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و کوردی کە ئۆرکێستی ڤیلس کراخت لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێکەوە پێشکەشیان کردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشکەشکردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن) کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆرە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە، هەروەسا سەمفۆنیای هەڵەبجە لەگەڵ تیپی ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە.

* کۆنسێرتی ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە هۆڵەندا، (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خهۆر زاڵ لایدن پێشکەش کراوە کە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکەوە، گۆرانی ئەستێرە نەکوژاوەکان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەرە قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، کۆرسی لینگوا میوزیکا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەکە)، (دڵنیا ڕەزازی)، کۆڕاڵی لینگوا موزیکا (گەشتێک بە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب)دا، (گەشتێک بە گۆرانییەکانی عوسمان عەلی)دا، (دەشتی کەلهوڕی)، گەشتێک بە ئاوازە ڕەسەنەکاندا، (ناسری ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانە لەلایەن تیپی ئۆرکێستی لایدن سمفۆنیتا و کۆڕاڵی لینگوا میوزیکا، لە ئاواز و ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر قەرەداغی بوون.

* دیسان کۆنسێرتی ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە، لەو کارە هونەریانەش گۆرانی (ناکامی)، وتنی (ئونا سنتینا)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غوڵامی)، ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، کۆڕاڵی کەنتیامۆ دیڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، ئاوازی ڕۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر قەرەداغی ڕێکی خستووە و لە یەکی داوە و دابەشی کردووە و بە هارمۆنی کردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی)، وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆڕاڵی مۆڵتی کوڵتی کۆر ڕۆتردام. ئۆپەڕێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی ڕەفیق چالاک، ئۆرکێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆرکێست و کۆڕاڵی مۆڵتی کوڵتی کۆر ڕۆتردام کە سەرجەم ئەو کارانە نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی و ئامادە و دابەشی کردوون. کۆنسێرتی ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی کۆڕاڵی کەنتیامۆ دیڵفت، ئۆرکێستی نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی (پەیوەند جاف)، لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست و کۆڕاڵی کەنتیامۆ دیڵفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی کەنتیامۆ دیڵفت.

* لەو دوورەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە و دڵی لەلایان بووە، بۆیە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥ بۆ پشتگیری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی فۆکاڵ ئەنسەمبڵە ئەلەخریا، گۆرانی (ئالاپۆش)، لە شیعری ئەحمەد محەمەدە کە بۆ پێشمەگەی نووسیوە و بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی))، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، کە ئەمە دوا کۆنسێرتی بووە لە ئەوروپا پێشکەشی کردبێ، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا) کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری و لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە و تا ئێستا لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، لەوساوە ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو ساڵی پار توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە، با بە یەکەوە گەشتێک بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**ڕامـان:** پێـش ئـەوەی لـە کۆمـەڵ دەسـت لـەکار بکێشـنەوە و تیـپ دروسـت بکـەن، هیـچ جارێـک بەشـی دراما و شـانۆ، داوای یارمەتیـی لـە ئێـوە کـردووە، بـۆ نموونـە مۆسـیقای تایبەتـی بـۆ شـانۆگەرییەک دابنێـن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، «مـەم و زیـن» یەکێـک بـوو لـەو شـانۆگەرییانە، دوو پارچـە مۆسـیقامان بـۆ ئـەو شـانۆگەرییە دانـا، نـەوزاد مەجیـد ئـەو شـانۆگەرییەکەی دەردەهێنـا، هاتـە لام و شـریتێکی بەکرەی بۆ هێنـام، گوتـی ئـەم گۆرانییـە یۆنانییـە، گۆرانییەکـە «پەلـە مەکـە، پەلە مەکـە» بوو، گوتی دەتوانـی وشـەکانی ئەمـەم بۆ بکـەی بـە کـوردی؟. گوتـم بۆ نـا؟ بەکـر کەسـاس هەبـوو، شـیعرێکی بـۆ دانـا، منیـش کـردم بـە نۆتـە و ڕازاندمـەوە، تیپەکەم ئامـادە کـرد، (ئـاوات فایـەق چـالاک)م هێنـا، کـە پێشـتر قـەت گۆرانـی نەگوتبـوو، هـەر لـە کۆمـەڵ لـەلای خۆمـان بۆمـان تۆمـار کـرد، دواتـر گۆرانییـە فارسـییەکە، «هەرچەنـد دەکـەم»، لـە سـتۆدیۆی تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی تۆمارمـان کـرد.

**ڕامـان:** ئـەوە ئـەو گۆرانییەیـە کـە شـەماڵی عەبەڕەش لـە تەلەڤزیۆنەکانـی ئەوسـا دەیگـوت؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەر ئەو گۆرانییەیە.

**ڕامـان:** ئـەو گۆرانییـەش ئێـوە ئامادەتـان کـردووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئەنـوەر قەرەداغـی گوتـی ئەمـە گۆرانییەکـی خۆشـە، مـن بە عـوودەوە ئیشـی تێـدا دەکـەم، ئێمـەش ئەوەمـان پـێ بـاش بـوو، دواتـر بـە عوودێکـەوە تۆمـار کـرا، ئیـدی کـە تەمسـیلەکەمان بـرد بـۆ کەرکـووک و ڕەت کرایـەوە، لـە کەرکـووک تیپەکەمـان کـرد بـە دوو گـرووپ، گوتمـان بـا ئێمـە وەکـوو گرووپـی گۆرانـی تۆمـاری بکەیـن، ئەوەبـوو تۆمارمـان کـرد و بـڵاو کرایـەوە.

**ڕامـان:** هـەر ئـەو دوو گۆرانییـە بـوون، یـان ئیشـی تریشـی بەدواداهات؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـەر ئـەو دوو گۆرانییـە بـوون، هـەر شـتێک هەبوبـێ و هاتبێتـە پێـش، ئێمـە گرفتمـان نەبـووە و کردوومانـە.

**ڕامـان:** حـەز دەکـەم نـاوی ئـەو کارانـە بێنـی کـە ئیشـت تێـدا کـردوون، چ ئـەو کارانـەی درامـای تەلەڤزیۆنیـن، یـان لەسـەر شـانۆ نمایـش کـراون.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئاخـر ئـەو کاتـە کـوا مۆسـیقای وێنەیـی لـە تەمسیلەکاندا هەبوو؟

**ڕامـان:** قـەت ڕێـک نەکەوتـووە هونەرمەندانـی شـانۆ و درامـا سـوودیان لـە ئێـوە وەرگرتبـێ، یان ڕاسـتەوخۆ ئێـوە وەک پێشـەکییەک بـۆ شـانۆییەکەیان چووبێتنە ناو ئیشـەکانیانەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** کاری وامـان نەبـووە، هیچـی وام بەبیـر نایـەت، بـەڵام هـەر ئیشـێک هەبووایـە، ئێمـە ئامـادە بوویـن بۆیانـی بکەیـن، بـۆ نموونـە ئـەو ئیشـەیان هەبـوو کـە یەکسـەر بۆمـان کـردن.

**ڕامـان:** ئـەی لەگـەڵ هونەرمەنـد تەهـا بابـان هاوکاریتـان چـۆن بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** تەهـا بابـان ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی بـوو، دوایـی ئەویـش لە دەسـتەی کارگێڕی نەمـا، پیاوێکـی ڕۆشـنبیر و بەڕێـز بـوو، ئەکتەرێکـی چـاک، نووسـەر، یاسـاناس و خۆشەویسـت بـوو. (نـووری وەشـتی)یش یەکێکـە لـە پیـاوە هـەرە خۆشەویسـتەکان بـوو، سـەرۆکێکە و چـواردە کەسـی لـە بەردەسـتدایە، هـەر کەسـە و جۆرێکـە، کەسـی وایـان تێدایـە ڕەنگـە لـە هەندێـک ڕووەوە لەگـەڵ تـۆدا نەگونجـێ، ئەمانـە و چەنـد شـتێکی تـر هـۆکار بـوون بـۆ ئـەوەی هەمـوو ئەندامانـی تیپـی مۆسـیقاکەمان لـە کۆمـەڵ جیـا ببینـەوە و تیپێکـی سـەربەخۆ بـۆ خۆمـان دروسـت بکەیـن، ئەگـەر بڵێـی کێشـەی شەخسـی نییـە، بـە هیـچ جۆرێـک وا نییـە،

ئەمەیان دنیایەکە و ئەوی دی دنیایەکی ترە.

**ڕامان:** تا لەوێ بووی لە ڕووی ماددییەوە هیچ مووچەیەک، یارمەتییەک شتێکی واتان نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** کارەکانمان بە خۆبەخش بووە، هەمووی بۆ کوردایەتی و بۆ خزمەتی هونەر و کورد بووە.

**ڕامان:** بە دەستەی کارگێڕیشەوە، هەر هەمووتان خۆبەخشانە کارتان دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، لەوانەیە چەند کەسێک کە پارەیان خۆش دەویست، مانگانەیەکیان هەبووبێ، حەقیشیان بووە مانگانەیەک وەربگرن، ئێستاش کە بیر دەکەیتەوە دەڵێی حەقیانە، لەوانەیە بەبێ ئاگاداری من پارەیان وەرگرتبێ، یان ڕەنگە هەستم وا بووبێ کە هەندێک یارمەتی درابن، بەڵام لە سەدا نەوەد و نۆی ئەندامان پارەیان داوە، ئابوونەیان داوە و یەک دیناریان وەرنەگرتووە.

**ڕامان:** تا ئەو ڕۆژەی تۆ لەوێ دەستت لەکار کێشاوەتەوە، شوێنی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی هەر لە بیناکەی تۆفیق قەزاز بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، چەند بینایەکمان گۆڕی و بەکرێمان دەگرتن، یەکێک لەو خانووانە چووینە یانەی سیروان، کە لە ئەسحابە سپی بوو، ئەوان بۆ شوێنێکی دیکە گواستیانەوە، بیناکە زۆر گەورە بوو، گۆڕەپانی گەورەی هەبوو، ژووری زۆر بوو، ماوەیەک چووینە ئەوێ، زۆر لەوێ ماینەوە، دوایی چووینە پیرمەسوور، پشت شەقامی پیرەمێرد، کە چووینە ئەو بینایەوە، تا دوایی لەو بینایەدا ماینەوە، دوایی بینای تایبەتی بۆ دروست کرا، ئەوە دوای ڕۆیشتنی ئێمە بوو، بەڵام کاتی خۆی کە ئێمە لە کۆمەڵ بووین، زەوییان دایە هونەرمەندان،



**سلێمانی، ساڵی ١٩٧٠، لە ڕاستەوە: مەلا ئەنوەر تاهیر، زاهیر محەمەد، جان تۆماس، نامدار قەرەداغی.**

بۆیان جیا کردینەوە و ئیفراز کرا، ناوی منیشی تێدا بوو، کەچی دوایی لێیان سەندینەوە، گوتیان هیچتان بۆ ڕژێم نەکردووە، ئەو بیانووە یەکێک لە هۆکارەکان بوو.

**ڕامان:** ساڵی ١٩٧٤ میهرەجانێکی هونەریی گرنگ، لەسەر ئاستی هەموو عێراق، لە شاری بەغدا سازکرا، هەموو تیپەکانی شانۆ و شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقای کوردستان لەوێ بەشدار بوون، ئەوە دوا میهرەجانیش بوو کورد لە بەغدا بیکا، چونکە دوای ئەوە شەڕ دەستی پێ کردەوە، هەندێک لەو کەسانەی تێیدا بەشدار بوون، هەر لەوێ هۆڵەکەیان بەجێ هێشتبوو، چونکە ئاگادار کرابوونەوە کە زوو خۆیان بپێچنەوە و خۆیان دەرباز بکەن، دەنا دەگیرێن، بۆیە ڕوویان کردە شاخ و پێوەندییان بە پێشمەرگەوە کرد، پێم خۆشە باسی بەشداربوونی خۆتانم بۆ بکەی، ئێوە لە ساڵی ١٩٧٤، وەک تیپ بە چەند گۆرانی لەو میهرەجانەدا بەشدار بوون، کێ گۆرانی تێدا گوت، لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە هیچ خەڵاتێکتان بە دەست هێنا؟

**نامدار قەرەداغی:** وەکوو بەڕێزت ئاماژەت پێ دا، ساڵی ١٩٧٤ ئەو میهرەجانە گەورەیە سازکرا، ئەو هەموو تیپانە لە هەموو بەشەکانی هونەردا

بەشدارییان تێدا کرد، چەند ڕۆژێکی خایاند، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی- بەشی مۆسیقا لەوێ بەشدار بووین، لەو کاتەدا شەوکەت ڕەشید گەڕایەوە سلێمانی و سەرپەرشتیی بەشی مۆسیقای کرد. بەرنامەیەکمان ئامادە کرد، بیرمان لەوە کردەوە کە چۆن بەشداری بکەین، ئەوەبوو یەکێک لە کارەکانمان ئۆپەرێتی (بووک و زاوا) بوو، بەو شێوە کۆنەی کە جاران کراوە، هەر بەو شێوەیە پێشکەشمان کرد.

**ڕامان:** دەقی ئەو ئۆپەرێتە کێ نووسیبووی؟

**نامدار قەرەداغی:** نووسین نەبوو، هەر نواندنێک بوو کە جاران چۆن بووک چووەتە لای زاوا.

**ڕامان:** کاتی خۆی ئەو ئۆپەرێتەم لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک دیوە، سوودێکی زۆریان لە فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی وەرگرتبوو.

**نامدار قەرەداغی:** بووکێک دەستنیشان کرا و تارا بە سەری دادرا، زاوایەک لەسەر شانۆکە بوو، بووکەکە بەناو جەماوەرەکەدا هات و منداڵێک بە ئاوێنەیەکەوە پێشی بووک کەوتبوو.

**ڕامان:** لەبیرمە لەو ئۆپەرێتەدا هونەرمەند شەوکەت ڕەشید لەناو ئاپۆرایەکە بەپێوە وەستابوو و کلارنێتی لێ دەدا.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، منداڵێک لە پێش بووکەکەوە بوو، ئاوێنەی بۆ هەڵگرتبوو، ئەو ئاوێنەیە بۆ ئەوە بوو بووک خۆی تێدا ببینێ کە منداڵەکە بە هەردوو دەستی، بە پشتی خۆیەوە دەگرت. یەک دنیا خەڵکیش بە دوایەوە بوون، گۆرانی (هاتینەوە هاتینەوە بووکمان هێنا و هاتینەوە) دەگوترا، بەم گۆرانییە بووک بەرەو شانۆکە ڕۆیشت، لەسەر شانۆش باوکی زاوا و زاوا وەستاون و فەرتەنەیە، گۆرانیبێژ دانیشتوون، بەم جۆرە ئەوە وەک ئۆپەرێتێک پێشکەش کرا.

**ڕامان:** لە ئۆپەرێتەکەدا بووک و زاوا بوو، ئیتر زاوا هات و قامیشەکەی بە سەری بووکێدا کێشا.

**نامدار قەرەداغی:** وابزانم ئەو کاتە عوسمان عەلی لای ئێمە نەمابوو، چووبووە تیپی مۆسیقای سلێمانی، سەلاح مەجید و حەمەی نێرگز و کۆمەڵێک لەم گۆرانیبێژانە، لەسەر شانۆ گۆرانییان گوت و باوکی زاوا نوقڵی دەبەخشییەوە، نواندن و مۆسیقا تێکەڵی گۆرانییەکە ببوبوون، ئێمەش مۆسیقامان لێ دەدا، ئەوە بەشێکی بوو، بەشێکی دیکەش ئێمە چەند گۆرانییەکمان ئامادە کرد، یەکێک لەو گۆرانییانە، (حەریرە)ی سەلاح مەجید بوو، لە پێشدا مەقامێکی گوت، دوایی کردی بە بەستە، لیژنەیەکیش هەبوو کە لە خوارەوە دانیشتبوون.

**ڕامان:** وەک لەبیرت بێ ئەندامانی لیژنەکە کێ و کێ بوون، ناویان چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانە لیژنەی هەڵسەنگاندن بوون، لەناو ئەمانەدا ئەوەی کورد بووبێ و ناسیبێتمان تەنیا عەلی مەردان بوو، ئەو ئەندامی لیژنەکە بوو، وەکوو تۆش گوتت لە کۆتایی میهرەجانەکەدا دەنگۆیەک کەوتە ناومانەوە، کە بارودۆخەکە زۆر زۆر خراپە، پێیان گوتین باشترە هەمووتان بگەڕێنەوە، ئەوە بوو لەوێ نەماینەوە، بەڵام میهرەجانەکە تەواو بووبوو، ئەوە نەبوو بڵێی بەجێمان هێشتبێ، بۆیە یەکسەر گەڕاینەوە سلێمانی.

**ڕامان:** بێجگە لە سەلاح مەجید و حەمەی نێرگز گۆرانیبێژەکان کێ و کێی تر بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** تەنیا ئەو دووانە نەبوون، چەند گۆرانیبێژێکی تریشمان لەگەڵ بوون، یەکێکیان محەمەد حەسەن بوو. ئەو میهرەجانە زیاتر لە نیو سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆیە

بە تـەواوی هەموویانـم بەبیـر نایەنـەوە.

**ڕامـان:** وەک لەبیـرت بـێ عوسـمان عەلـی-یـان لەگـەڵ نەبـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** دەبـێ بـە باشـی بیـری لـێ بکەمـەوە، تـا بزانـم ئـەوی تێدا بـوو، یـان نـا، پێـم وایـە ئـەوی تێدا نەبـوو.

**ڕامـان:** چالاکـی و بەشـداربوونی ئێـوە لـەم میهرەجانـەدا هـەر چەنـد گۆرانییـەک و ئـەو ئۆپەرێتە بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** کاری ئێمـە دوو سـێ گۆرانـی و ئۆپەرێتێـک بـوو، نازانـم گۆرانییەکانـی ترمـان چـی بـوون، ئـەو ئۆپەرێتـە و ئـەم گۆرانییانـەم بەبیـر دێـن، ئۆپەرێتەکـە دووردرێـژ بـوو، لەنـاو ئۆپەرێتەکـەدا چەنـد گۆرانییـەک هەبـوون.

**ڕامـان:** ئێسـتاش زۆر چـاک ئـەو ئۆپەرێتـەم لەبیـرە، تـا سـاڵانی پێـش ڕاپەڕیـن، لـە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک پەخـش دەکـرا.. باشـە هیـچ خەڵاتێکتـان نەبـردەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوەنـدەی مـن لـە یـادم بـێ، سـەڵاح مەجیـد بـە باشـترین گۆرانیبێـژی میهرەجانەکـە هەڵبژێـردرا، ئـەو خەڵاتـەی وەری گـرت، خـەڵات بـوو بـۆ هەمـوو ئەندامانـی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی.

**ڕامـان:** ئـەو گۆرانییـەی سـەڵاح مەجیـد «زەماوەنـد» کـە تۆمـاری کـرد، ماوەیەکـی زۆر خەڵـک هۆگـری بـوون و دەیانگوتـەوە، گۆرانییەکی سـەرنجڕاکێش بـوو، زۆر بەدڵـی جەمـاوەری ئەوکاتە بـوو، ئـەو گۆرانییـە کـێ ئامـادەی کردبـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** «زەماوەنـد» یەکـەم گۆرانیـی سـەڵاح مەجیـد بـوو، کـە شـەوکەت ڕەشـید دەهـات و دەڕۆیشـت و نەدەمایـەوە، ئـەو دەسـتی دایـە ئـەو گۆرانییـە و کاری تێدا کـرد، بـەڵام مـن تەواوکـەری کارەکـەی بـووم، دەتوانـم بڵێـم ئیشـەکە هـی شـەوکەت ڕەشـید و مـن بـوو.

**ڕامـان:** ناتوانیـن بڵێیـن هەمـووی هـی تۆیـە، یـان هەمـووی هـی ئـەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هـی هەردووکمانـە، سـەرەتا هـی ئـەوە، دواتـر منیـش تـەواوم کـرد.

**ڕامـان:** دابەشـکردنەکەی کـێ کردوویەتـی؟ وەک دیـارە ئـەو گۆرانییـەش، کلارنێتەکـەی شـەوکەت ڕەشـیدی تێدایـە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوکاتـە شـەوکەت ڕەشـید، لـە نێـوان کەرکـووک و سـلێمانی دەهـات و دەچـوو، لـەو عانـەدا کوردایەتـی بـاو بـوو، ڕەنگە هەندێـک کـەس پێـی عەیـب بووبـێ بڵـێ ئـەم هونەرمەنـدە حەقـی خۆیەتـی، بـا هاوکارییەکـی بکەیـن و مانگانـە شـتێکی بدەینـێ، هیـچ نەبـێ خەرجیـی هاتوچوونەکـەی بدرێتـێ، ئـەم قسـانە ڕەسـمی نیـن، ئەمـە زیاتـر بۆچوونـی خۆمـە، کـەس لای ئێمـە حەقـی خـۆی نەدراوەتـێ، هونەرمەندێـک دوو خێزانـی هەیـە و لـە تیپـی مۆسـیقا فەرمانبەرێکـی بچووکـە، ئاخـر ئـەوە لەگـەڵ منێکـی گەنـج کـە ژنـم نییـە و هیـچ خەرجـی و مەسـرەفێکم نییـە جیـاوازی هەیـە.

**لە میهرەجانی هونەری کوردیی ساڵی ١٩٧٤، ئەو خەڵاتەی سەڵاح مەجید وەری گرت، خەڵات بوو بۆ هەموو کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی.**

**ڕامـان:** دەبـوو هیـچ نەبـێ پـارەی هاتـن و چـوون و خەرجییەکـی کەمـی ڕۆژانـەی بدرێتـێ.

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئـەو سـەرۆکی تیپـە و هونەرمەندێکـی گەورەیـە، هەمـوو ئەمانـە هـۆکار بـوون بـۆ دەسـت لـەکار کێشـانەوەمان.

**ڕامـان:** وەک دیـارە لـە سـەرەتاوە شـوێن پێـی هونەرەکـەی شـەوکەت ڕەشـیدت هەڵگرتـووە، کەسـایەتیی ئـەو هونەرمەنـدە چـۆن دەبینـی،

چەنـد بـۆ هونـەری کـوردی گرنـگ بـوو، ئـەو بۆشـاییەی لـە دوای خـۆی بەجێـی هێشـت، کـێ پـڕی کـردەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** کەسـایەتی ئـەو زۆر بـە گـەورە دەزانـم، ئـەوە نییـە بڵێـی کـەس جێـی کـەس بگرێتـەوە، دوای ئەویـش کلارنێتژەنـی زۆر بـاش، گۆرانیبێـژی بـاش پەیـدا بـوون، ناتوانـم بڵێـم مـن ئـەو شـوێنەم پـڕ کردەوە، هـەر کەسـە و تامـی خـۆی و ڕەنگـی خـۆی هەیـە، کـەس ناتوانـێ ببـێ بـە یەکێکـی دی، هەرکەسـە و جۆرێکـی جیـاوازە و شـێواز و سـەلیقە و کاری جیـاوازی خـۆی هەیـە. بێگومـان کاریگەرییەکـی باشـی بـۆ ژەنینـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ هەبـووە کـە خـۆی بووبـووە هـۆی ئـەوەی ژەنیـاری بـاش پەیـدا ببـن، ئـەو لـە زەمانـی خۆیـدا یەکێـک بـووە لـە ژەنیـارە هـەرە باشـەکانی کلارنێت، ئاوازدانەرێکـی بـاش، دابەشـکارێکی بـاش، گۆرانیبێژێکـی بـاش، قسەخۆشـێکی بـاش، جەوخۆشـکەرێکی بـاش، کەسـێکی کۆمەڵایەتـی بـاش بـوو.

**ڕامـان:** خەڵکـی بـۆ هونەر هان داوە و پشـتگیری لـە بەهرەی نوێـی لاوەکان کردووە.

**نامـدار قەرەداغـی:** خەڵکـی هـان داوە و ڕووخـۆش بـووە، حـەزت دەکرد لەگەڵـی دانیشـی، کـە چوومـە کۆمـەڵ ئەگـەر بەڕێکـەوت شـەوکەت ڕەشـید لـەوێ نەبووایـە، یەکێکـی دیکـە لەجێـی ئـەو بووایـە، عەبووسـێک بووایـە، کەسـێکی پەروەردەیـی نەبووایـە، کـێ دەڵـێ مـن وازم لـە کەمانچەژەنیـن نەدەهێنـا، کـێ دەڵـێ مـن لـە کۆمـەڵ دەرنەدەکرام، کـێ دەڵـێ وەردەگیرام، کـێ دەڵـێ و کـێ دەڵـێ، قـەت کـەس ناتوانـێ بڵـێ مـن بـووم بـە شـەوکەت ڕەشـید، هـەر یـەک شـەوکەت ڕەشـید هەیـە، کـەس ناتوانـێ ببـێ بـە یەکێکـی دی، هـەر کەسـەو جیـاوازە، شـێواز و توانایـی و کاری جیـاوازی خـۆی هەیـە، ئـەو هونەرمەنـدە دەوری زۆر بـووە لـەوەی خەڵکـی دیکـە پـێ بگات و کەسـانی زۆر بـاش پەیـدا بـن.



سلێمانی ٩/ ١٠/ ١٩٧٦، بـە بۆنـەی ڕۆژی جیهانیـی مۆسـیقا، هونەرمەنـد حەمەجـەزا عەلـی گۆرانـی (حـەزم لـێ کـردووی) دەڵێتـەوە.

**ڕامـان:** زەقکردنـەوەی دەوری ئامێـری کلارنێـت لەنـاو مۆسـیقا و گۆرانـی کوردیـدا، دەتوانـم بڵێـم لـەوەوە دەسـت پـێ دەکات، چونکـە قـادر دیـلان بـە تـەواوی خـۆی بـۆ کلارنێـت ژەنیـن تەرخـان نەکردبـوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو چارەکەتۆنـی داهێنـا، کونێکـی کـردە کلارنێتەکەیـەوە، چارەکەتۆنـی پـێ لـێ دەدا، ئێسـتا بـە ڕێگـەی تـر چارەکەتـۆن لـێ دەدەن، ئـەوە جیایـە، ئـەو یەکێـک بـوو لەوانـەی بـە کلارنێـت چارەکەتۆنـی لـێ دەدا، بەگشـتی ئـەوە پێشـکەوتنێکی چـاک و پێویسـت بـوو.

**ڕامـان:** ئـەوە زۆر گرنگـە.. باشـە دەتوانـی پێـم بڵێـی لـەو ماوەیـەی تـۆ لـە کۆمـەڵ بـووی و سـەروکاری تیپـی مۆسـیقات کـردووە، ئـەو کـارە هونەرییانـەی بـۆ گۆرانبێژەکانـت کـردووە، چ وەک ئامادەکـردن، یـان دابەشـکردن، یـان ئاوازدانـان، ژمارەیـان چەنـدە، دڵنیـام ژمـارەی ئـەو کارانـەت زۆرن؟

**نامدار قەرەداغی:** ژمارەیان زۆرە، چونکە هەرچییەک لە دوای شەوکەت ڕەشید کرابێ، هەر من کردوومە، تەنیا من هەبووم بتوانێ ئەو جۆرە ئیشانە بکات.

**ڕامان:** ئیشی منداڵانیشتان کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە کۆمەڵ؟

**ڕامان:** بەڵێ.

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئیشی منداڵان لە کۆمەڵ نەکراوە، مەگەر ڕۆژی جیهانیی منداڵان هەبووبێ، لەو ڕۆژەدا منداڵمان هێناوە و گۆرانی گوتووە.

**ڕامان:** لای ئێوە هیچ ئۆپەرێتێک بۆ منداڵان کراوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە کۆمەڵ نەکراوە، بەڵام لە دوای کۆمەڵ، من زۆر کاری منداڵانم کردووە.

**ڕامان:** جارێ لەسەر کۆمەڵ قسە دەکەین.

**نامدار قەرەداغی:** لە کۆمەڵ ئیشی منداڵانم نییە، مەگەر هەر ئەوەندە بووبێ منداڵێک بۆ لای من هاتبێ و ڕێنماییم کردبێ.

**ڕامان:** وەک ژمارە نەتزانیوە ئەو کارانەی کردووتن چەندن؟

**نامدار قەرەداغی:** وەک ژمارە بە وردی نایزانم، بەڵام دەزانم زۆرن، هەرچییەک بە ناوی کۆمەڵەوە کرابێ، بێجگە لەوانەی سەرەتا شەوکەت ڕەشید کاری تێدا کردبوون، دوای ئەو ئیشەکان هەمووی من کردوومن.

**ڕامان:** بە مەزەندەی خۆت هەمووی چەند دانە دەبن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئاهەنگ جیایە کرابێت، تۆمارکردنیش جیایە، ئەگەر ئەوانە لەیەکتر جیا بکەیتەوە زۆرن، بۆیە هەرچییەک کرابێت هی منن، هەموو گۆرانییەکانی سەلاح مەجید، زەماوەند کە بەشی زۆری هەوڵی شەوکەت ڕەشیدی تێدایە، گۆرانییەکانی حەمەی نێرگز، گۆرانییەکانی عوسمان عەلی، شەوی بەرات، دڵدار و جوانپەرستم، کچە شۆخەکە، ئەوانە هەمووی من کردوومن، گۆرانییەکانی محەمەد حەسەن و جەمال ئیبراهیم، کۆمەڵێک لەم گۆرانبێژانەش هەبوون وەک مەحموود محەمەد سەعید و ئەوانە، سەرجەمی کارەکانیان من کردوومن.

**ڕامان:** ئەی محەمەد ئیبراهیم عەبدول (حەمە قتوو) هیچ جارێک نەهات بۆ لاتان کارێکی بۆ ئامادە بکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، پێم شک نایەت هیچ جارێک حەمە قتوو هاتبێتە لامان، بەڵام کەریم خەمزەیی هات، ئێمە نەک وەکوو کۆمەڵ، بەڵام وەک تیپی مۆسیقای مەولەوی لەگەڵ خۆماندا بردمان بۆ کەرکووک، لە ئاهەنگەکاندا زۆر گۆرانیمان بۆ تۆمار کرد، وەک تیپێکی میللی خۆمان لەگەڵمان بەشدار بووە، ڕەحیم باڵەبان، بە باڵەبان و (عەزیز) بە زەرب، منیش جونبشم لەگەڵ لێ داون، زۆر ئیشمان بۆ گۆرانیبێژە میللییەکانی تریش کردووە.

**ڕامان:** دەنگخۆشێک لە هەڵبجە گۆرانییەکی هەبوو، (عومەر خەزان)ی ناو بوو، ئەوە لای ئێوە هیچی تۆمار نەکردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، تیپی مۆسیقای سلێمانی کارێکیان بۆ تۆمار کردووە.

**ڕامان:** دەنگی خۆش بوو، لەپڕ دیار نەماو ون بوو.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەنوەر قەرەداغی ئەو گۆرانییەی بۆ کردووە، لاسایی سەی عەلی ئەسغەری دەکردەوە.

**ڕامان:** دەنگێکی تایبەتی هەبوو، خۆزگە کۆمەڵێک گۆرانییان بۆ تۆمار بکردبایە.

**نامـدار قەرەداغـی:** خۆزگـە، بـەڵام بارودۆخـی ئـەو، لەگـەڵ تیپی مۆسـیقا وا نەبووە و نەگونجاوە، دەبـوو چینەدەنگـی ئـەو لەگـەڵ مۆسـیقا ڕابهێنـرێ و لـەلای خۆتـی بهێڵێتـەوە، زۆر هـۆکاری دی هەبـوون، کـە ئـەوە نەکـراوە، بۆیـە ئاسـان نەبـوو.

**ڕامان:** لـە سـەرەتاوە بۆمان باس بکـە، وەرگرتنی ڕەزامەنـدی تیپەکەتـان چـۆن بـوو؟ داواکاریتـان دایـە کـێ، کـێ هاوکارتـان بـووە لـەوەی ئـەو ڕەزامەندییـە وەرگرن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پێـش ئـەوەی دەسـت لـەکار بکێشـینەوە، هەمووم‌ان کۆبووینـەوە، دوای ئـەوەش ناوبەنـاو کۆدەبووینـەوە، سـەرەتا پەیـڕەوی ناوخـۆی تیپەکانـم هێنـا، پەیـڕەوی ناوخـۆی تیپـی نوانـدن و مۆسـیقا و هەرچییەکـی دەسـتم کـەوت هەموویـم کۆکـردەوە، دانیشـتم ورد ورد لـە هەموویانـم کۆڵییـەوە، ئەوجـا بـە تێگەیشـتن و عەقڵـی خـۆم پەیـڕەو و پڕۆگرامێکـم داڕشـت، کـە خـۆم بـۆ تیپێـک بەدڵمـە.

**ڕامـان:** سـوودت لـە پەیـڕەو و پڕۆگرامـی ناوخۆیـی کـوێ و کـوێ وەرگـرت؟

**نامـدار قەرەداغـی:** سـوودی زۆرم لـە پەیـڕەو و پڕۆگرامـی ناوخۆیـی تیپەکانـی دی وەرگـرت، لەوانـە تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی و کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، دوای ئـەوەی پەیـڕەو و پڕۆگرامەکـەم داڕشـت و تـەواوم کـرد، بـە نووسـەر و هونەرمەنـد و یاسـاناس (تەهـا بابـان)م نیشـان دا، پێـم گـوت شـتێکی وا هەیـە، یارمەتیمـان بـدە، دامـێ تـا لـە ڕووی یاساییەوە بیـروڕای خۆیـم پـێ بڵـێ، دوای پەسـندکردنی لەلایـەن ئـەوەوە، ئـەوە بـوو ئیتـر لـە ڕێـگای پارێـزگاوە داواکاریمـان پێشـکەش کـرد.

**ڕامـان:** پارێـزگا بـۆ کوێـی نـارد؟ بـۆ وەزارەتـی ناوخـۆی بەغـدا، یـان بـۆ ئەمینداریێتیـی گشـتیی کاروبـاری ناوخـۆی هەولێـری نـارد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەوەنـدەی مـن بیـرم بـێ، لەگـەڵ حەمـەی نێرگـز چـووم بـۆ ئەمینداریێتیـی گشـتیی کشـتوکاڵ لـە هەولێـر، تەنانـەت جارێکیان کـە چوویـن محەمـەد سـدیق لـەوێ بـوو، کـە ئەمینـداری ئەمینداریێتیـی گشـتیی کشـتوکاڵ بـوو، سـەرێکمان لەویـش دا، لـەو عانـەدا حەمـە جـەزای گۆرانیبێـژ هاتـە ژوورەوە، پێـی گـوت کـوڕە تـۆ بـۆ خـۆت وا سـووک دەکـەی؟ حەمـە جـەزا پێـی گـوت چییـە گـەورەم، چـی بـووە؟ محەمـەد سـدیق پیاوێکـی زۆر قسـە خـۆش بـوو، گوتـی تـۆ یەکێتیـی ئافرەتـان بانگـی کـردووی و چـووی گۆرانیـت بۆیـان گوتـووە، بـۆ لـە خۆتـەوە دەچـی؟ بـا ئـەوان بێـن داوای تـۆ لـە مـن بکـەن، مـن بڵێـم باشـە بـڕۆ، تـۆ فەرمانبـەری منـی، بەمـە تـۆ گەورەتـر دەبـی، لەبـەر چـاوی ئێمـە ئـاوای پـێ گـوت.

> **هەر کاتێ بۆ تەلەڤزیۆنی بەغدا دەچووین، یان کە دەمانویست بەرهەمێک لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک تۆمار بکەین، بە حاڵ بۆنی کوردایەتی لێ بهاتبایە، یان بە دڵیان نەبووایە، ئەوە کارەکەیان ڕەت دەکردینەوە.**

**ڕامـان:** دوایـی لـە هەولێـر بـۆ وەرگرتنـی مۆڵەتـی تیپەکەتـان چیتـان کـردەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** وەک بیرخسـتنەوەیەک، ئێمـە چوویـن بـۆ ئەمینداریەتیـی کاروبـاری ناوخـۆ، کـە لەوێـوە نووسـراو بـۆ وەزارەت لـە بەغـدا دەنێـرن، بـە دەسـت ئـەوان نەبـوو، مـن و حەمـەی نێرگـز و یەکێکـی دیکەشـمان لەگـەڵ بـوو، دواجـار چوویـن بـۆ بەغـدا بـۆ بەدواداچـوون، کـە چوویـن گوتیـان ڕەزامەندیتـان بـۆ دەرچـووە، لـەو هەواڵـە خۆشـتر کـوا هەیـە؟ ئێمـە شـوێنمان نییـە، هیـچ شـتێکمان نییـە. هـەر لـەو کاتـەدا کـە لـە کۆمـەڵ جیـا بوومـەوە، لەگـەڵ سـەرداری بـرام و هاوڕێیەکـم

ڕەفعەت حەمدی پاشا، تۆمارگەی کانیاومان دانا، تۆمارگەی کانیاو تۆمارگەیەکی بچووک بوو، هەر لەوێدا چاومان بە یەکتر دەکەوت و کۆبوونەوەمان دەکرد.

**ڕامان:** تۆمارگەی کانیاو لە کوێی سلێمانی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە شەقامی پیرەمێرد، سەرووی کۆمەڵ بوو، لە بەغداوە تەلەفۆنمان کرد گوتمان مۆڵەتەکەمان دەرچووە، بیکەن بە ئاهەنگ، ئەوە بۆ ئێمە خۆشترین ڕووداو بوو، گەڕامەوە بۆ سلێمانی، چی بیکەین و چۆن بینا پەیدا بکەین، هیچ بینایەک نییە، بۆ تیپەکەمان شوێنمان نەبوو، ئێمەش فلسمان نییە، هەر هیچمان نییە، گوتیان لە قەسرەکەی تۆفیق قەزاز لە هەورەبانەکە لە تەنیشت هونەرمەند عەزیز سەلیم، دوو ژووری هەورەبانەکەی هەیە، کە چووین سەیرمان کرد، دەبینین ڕاستە وایە، بەڵام دەبێ بچینە هەورەبانەکە، هەورەبانەکە و سەربانەکە هیچ پێوەندییان بە یەکەوە نەبوو، ژوورەکان زۆر بچکۆلە بوون، داوای ئەو دوو ژوورەمان کرد، پێیان داین.

**ڕامان:** بە کرێ، یان بە خۆڕایی پێیان دان؟

**نامدار قەرەداغی:** بە کرێ بوو.

**ڕامان:** مانگانە ئەو دوو ژوورەتان بە چەند بە کرێ گرت؟

**نامدار قەرەداغی:** کرێکەی چۆن بوو، باوەڕکە ئەوە نازانم، بە باشی لەبیرم نییە.

**ڕامان:** پارەی کرێ خانوو و خەرجیتان چۆن دابین دەکرد، پارەتان لە کوێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بە پارەی خۆمان کرێمان دەدا و ئیشوکارەکانمان ڕایی دەکرد، بۆ کۆمەڵیش هەر خۆمان پارەمان دەدا، ئێمە فێربووبووین و ئەوەمان بەلاوە ئاسایی بوو، من مامۆستا بووم، مووچەم هەبوو، هەمانبوو کرێکار، یان فەرمانبەر بوو، ئابوونەمان دەدا، ئەو دوو ژوورەمان بە کرێ گرت، ژوورێکمان کرد بە کارگێڕی، گوتمان ژوورێکیش بە بەتانی دەگرین و دەیکەین بە ستۆدیۆ، ئیتر دەستمان بەڕاهێنان و تۆمارکردن کرد، تۆمارکەرێکی سادەی گرۆندیکمان پەیدا کرد، ژوورێکی بچووکمان بە بەتانی کردە ستۆدیۆ، قەسرەکەی تۆفیق قەزاز لە خوارەوە بەو هەموو دەنگەدەنگ و هاوارهاوارە بۆ تۆمارکردن ئیشی تێدا نەدەکرا، دەبوو شەو زۆر درەنگ گۆرانی تۆمار بکەین، شەو زۆر درەنگ بەرهەمەکانمان تۆمار دەکرد، وابزانم یەکەم گۆرانی کە تۆمارمان کرد «بۆ بێ لەو چاوە کاڵانە»ی حەمەی نێرگز بوو.

**ڕامان:** لەبیرمە لە بیناکەی تۆفیق قەزاز، (تیپی مۆسیقای سلێمانی) و (تیپی نواندنی سلێمانی)یش هەر لەوێ بوون.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەڵام ئەوان لە خوارەوە بوون، شوێنیان تا ڕادەیەک باش بوو، ژوورێکی گەورەیان هەبوو کە وەک ستۆدیۆیان لێ کردبوو، بەرانبەریان تیپی نواندنی سلێمانی بوو، هی ئێمە هەورەبان بوو، لەوێ ئەو شتانەمان تۆمار کرد، ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە، لەپاش ئەوە هەوڵی زۆرمان دا شوێنێکی دی بۆ خۆمان دابین بکەین، ئەوەبوو بیستم یەکێتیی ئافرەتان بینایەکیان بەرانبەر دایرەی بەریدەکە (پۆست) هەیە، ئێستا بووە بە شوێنێکی بازرگانی و بانک، گوتیان ئەو بینایەیە ماوەیەکی دیکە چۆڵی دەکەن و هی شارەوانییە، چووین بۆ لای سەرۆکی شارەوانی، داوامان لێ کرد، گوتی بەسەرچاو دەیدەم بە ئێوە، ئەوە بوو دواتر دای بە ئێمە.

**ڕامان:** کە بوونە خاوەنی جێگە و ڕێگەی

خۆتـان، چالاکییەکانتـان زیـادی کـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێمـە لـە تیپـی مەولـەوی پێـش ئـەوەی هیـچ لـە بیناکـە بکەیـن، هەمـوو ئەندامانـم کۆکـردەوە و بڕیارێکـم دا و پێـم گوتـن مـن بیروڕایەکـم هەیـەو پێویسـتە جێبەجێـی بکەیـن، هەموویـان پێشـنیارەکەیان بـەدڵ بـوو، ئەمـەم لـەلا گرنگـە.

**ڕامان:** سێ پێشنیارەکەت چی و چی بوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** پێش ئەوەی هیچ چالاکییەک بکەیـن، پێشـنیارم کـرد سـێ شـت لەبەرچـاو بگریـن. پێیـان گوتـم پێشـنیارەکان چیـن؟ گوتـم یەکـەم دەبێ بچینـە نـاو نەخۆشـەکان، نەخۆشـی سی، سنگ، مۆسـیقایان بـۆ لـێ بدەیـن، هەروەهـا بچین بـۆ لای ئـەو هەتیوانـەی بـێ دایک و باوکـن، کـە پێیـان دەگـوت مەیتـەم، دەبـێ بچیـن بـۆ لادێکانیـش، بـۆ لای کرێـکاران و جووتیـارەکان، بچینـە نـاو کێڵگەکانیانـەوە و مۆسـیقایان بـۆ لـێ بدەیـن، دەبـێ بچیـن بـۆ ئـەو شـوێنانە و ئاهەنگیـان بـۆ بگێڕیـن، پێویسـتە ئـەم سـێ شـتە بکەیـن، دواتـر دەسـت بـە ئیـش بکەیـن، هـەر سـێ پێشـنیارەکەمیان پەسـند کـرد.

**ڕامـان:** دوایـی تـا چ ڕادەیـەک توانیتـان وەک خـۆی، بەرنامەکەتـان جێبەجـێ بکـەن؟

**نامدار قەرەداغی:** توانیمان لەباتی جارێک، دوو جار بچیـن بـۆ هەتیوخانـە و سـەردانی نـاو نەخۆشـخانەی سـینگەکە بکەیـن، خەڵـک کـە بـە شـەقامەکەدا تێدەپەڕین، لـە ترسـان لـەو بـەرەوە دەڕۆیشـتن، ئێمە چووینـە ناویانـەوە و لـە چیمەنەکەیانـدا، ئاهەنگـی مۆسـیقا و گۆرانیمـان بـۆ سـاز کـردن، چووینـە جافـەران و قـەرەداغ، پێشـمەرگە لـە ئاهەنگەکەمانـدا دانیشـتبوون، دەمانزانـی ئەوانـە پێشـمەرگەن.

**ڕامـان:** ئـەوە هەمـووی سـاڵی ١٩٧٧، یـان ١٩٧٨ بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەمووی ١٩٧٧ بوو.

**ڕامـان:** تـۆ باسـی ئـەو بینایـەی یەکێتیـی ئافرەتانـت کـرد، کـە چۆڵیـان کـرد، بەڵێنەکەیـان بـردە سـەر، وەرگرتنەکـەی ئاسـان بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، پـاش ماوەیـەک زانیمان وا خەریکـە چۆڵـی دەکـەن، چوومـە لای سـەرۆکی شـارەوانی.

**ڕامـان:** نـووری وەشـتی خـۆی لـە شـارەوانی بـوو، مـن چەنـد جارێـک چوومەتـە لای، دەزانـم یاریـدەری بەڕێوەبـەری شـارەوانی بـوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو یاریدەدەری بەڕێوەبـەر بـوو، کاتـێ لـە کۆمـەڵ پێکـەوە ئیشـمان دەکرد زۆر دەچـووم بـۆ لای، ئەوپـەڕی ڕێـزی لـێ دەگرتم، دەتوانـم بڵێـم وەک برایەکـی بچووکـی خـۆی، وەک کـوڕی خـۆی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـردم و دایدەنیشـاندم، کەسـێکی سـاکار بـوو، لـە چـاو ئـەوەی ئـەو هەمـوو خەڵکـە دەهاتـن بـۆ لای و واسـتەیان پـێ دەکـرد، منـی دادەنـا و ڕێزێکـی زۆر و خۆشەویسـتییەکی زۆری بـۆ دەنوانـدم، پیاوێکـی بەڕێـز بـوو.

**ڕامـان:** ئـەو شیعریشـی نووسـیوە، تـۆ ئـاوازت بـۆ هیـچ شـیعرێکی ئـەو داناوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** شـیعرێکی بەنـاوی (سـۆزی دەروون) هەبـوو، ئـاوازم بـۆ دانـاو دام بـە هونەرمەنـد سـەلاح مەجیـد و لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـدا تۆمارمـان کـرد. ئێمـە جەماوەرێکمـان پەیدا کردبوو، کـە چوومـە لای سـەرۆکی شـارەوانی (وابزانـم نـاوی کەمـال بـوو) و داوای بیناکـەم لـێ کـرد، یەکسـەر گوتـی بەسـەر ئـەم چاوانـە.

**ڕامـان:** سـەرۆکی شـارەوانی هـەر ئـەو ئیشـەی بـۆ جێبەجـێ کـردی، یـان ئیشـی تریشـی بـۆ کـردووی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نەخێـر، جارێکـی تـر چـووم

بۆ لای و پێم گوت گۆرانیبێژێکم بۆ دامەزرێنە، نان نییە بیخوا، باوکی نییە و دایکی بە سەریدا کەوتووە. دیسان گوتی بەسەر ئەو چاوانە و یەکسەر بۆی دامەزراندم، ئەمساڵ ئەو گۆرانیبێژەی لای ئەو خانەنشین بوو، ئیتر ئاوا هەر ئیشێک هەبووایە ئەو دەیگوت بە سەرچاو و دەیکرد.

**ڕامان:** دەتوانی ناوی ئەو گۆرانیبێژە بڵێی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە ئێستا کەسێکی بەناوبانگی سلێمانییە، بۆیە ناوەکەی ناڵێم.

**ڕامان:** پێویستە بۆ ئەو کارە باشانە، ئەو ناوانە بۆ مێژوو تۆمار بکرێن خراپ نییە.

**نامدار قەرەداغی:** دوو ئیشی بۆ کردم، کە خانووەکە چۆڵ بوو، یەکسەر دایە ئێمە، خانوویەکی زۆر گەورەی گڵ بوو، چوار پێنج ژوور و حەوشەیەکی زۆر گەورە و دار هەنار و حەوزی تێدا بوو، یەکسەر گوتمان ژوورێکی دەکەین بە ستۆدیۆ، سەلاح باڵابەرزمان بانگ کرد، ئەو کاتە دارتاشیی دەکرد، هات ژووری ستۆدیۆکەی بۆ دروست کردین.

**ڕامان:** دەزانم ئەو لە تیپەکەتاندا ئەندام نەبوو.

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئەو لە تیپی نواندن بوو.

**ڕامان:** لە تیپی نواندنی سلێمانی لەلای کاوەی ئەحمەد میرزا بوو.

**نامدار قەرەداغی:** پێیان گوتین ئەو دارتاشە، ئێمەش گوتمان ئەو هونەرمەندە، با خێرەکە بۆ ئەو بێ، ئەوەبوو بە تەختە ژوورێکی بۆ کردین بە ستۆدیۆ، خانووەکە دوو ژووری هەبوو، ژوورێکیان بۆ کارگێڕی و ژوورێکیان بۆ ستۆدیۆ، لە ژووری ئیدارەکەمانەوە دیوارێکمان کون کرد و شووشەمان تێ گرت و وایەرمان ڕاکێشا.

**ڕامان:** ئەو ژوور کونکردن و وایەر ڕاکێشانەتان بۆچی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو کاتە محەمەدئەمین پێنجوێنی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر (مديرية الثقافة الجماهيرية) بوو، میکسەرێکی زۆر چاکیان هەبوو، هەر نەیانزانیبوو چییە و چۆن بەکاری بهێنن، ئەوان کە بۆیان هاتبوو، بەکاریان نەدەهێنا و هەر لە کۆگا دایاننابوو، بۆ ئەو کاتەی ئێمە زۆر گرنگ بوو، چووم بە تەکلیف داوام لێ کرد، گوتی هی خۆتە، کاری گرنگمان پێکرد.

**ڕامان:** دیارە پێوەندیتان لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەری سلێمانی باش بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەر و لەگەڵ (بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر- مديرية الثقافة الجماهيرية) زۆر باش بوو، ئەوان بە بەستە وێنەی (سەددام حسێن) یان بۆ دەهات کە دەبوو بڵاوی بکەنەوە، ئێمە دەمانهێنان و دەمانخستنە توونی حەمامەوە، من ئاگام لێیە محەمەدئەمین پێنجوێنی ئیشی وای کردووە.

**ڕامان:** ئەوە ئێوە میکسەرێکتان پەیدا کرد، بەڵام کاری ئێوە لە تیپێکدا زۆر کەلوپەل و پێداویستی دیکەی پێویست بووە، بۆ دابینکردنی ئەو کەلوپەلانە چیتان کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** کە ژووری تۆمارکردنمان دانا، میکسەر و تۆمارکەرمان نەبوو، من و دوو برادەرم لە تیپ، (من و هەریەک لە: حسێن ئەحمەد و عەلی حەمەڕەزا) چووین بۆ بەغدا، گوتمان دەچین تۆمارکەر دەکڕین، کە چووین لە بەغدا زۆر گەڕاین، چۆن یەکەم جار کەمانەکەی خۆم بە ڕێکەوت لە دووکانی پۆشاکفرۆشێکدا

بینی و کڕیم، ئاوا بە ڕێکەوت تۆمارکەرێکمان بەرچاو کەوت، لەوەی تیپی مۆسیقای سلێمانی دەچوو، کابرا دەیگوت نایفرۆشم، بە زۆر لێمان کڕی، تۆمارکەرەکە سەدای تێدا بوو، ئاخر لەو جۆرە تۆمارکەرە دەگمەن بوو، سەدا تەنیا لە تۆمارکەری گرۆندیکدا هەبوو، ئەمەیان پێشکەوتووتریش بوو.

**ڕامان:** دیارە تۆمارکەرەکە ستریۆ بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ستریۆ بوو، سەداشی تێدا بوو، میکسەرێکی باشیشمان هەبوو، وایەرمان بۆی دانا و دەستمان بە تۆمارکردن کرد، ئیتر خەڵکی دەهاتن لەلای ئێمەدا کارەکانیان تۆمار دەکرد، خۆمان یەک دنیا ئیشمان پێکرد، کە تیپی منداڵانی بێخودم دانا، هەموو تۆمارکردنەکانمان لەوێ جێبەجێ دەکرد، بەم شێوەیە تۆمارکەرمان پەیدا کرد، دەستمان بە خانووەکەماندا هێنا، کە باران دەباری، دڵۆپە دەهاتە خوارەوە، بەردەوام لە زستانادا سەربانمان دەگێڕا و کا-مان پێدا دەکرد، باغەکەمان چاک و جوان کرد.

**ڕامان:** دیارە سەربانەکەی گڵ بووە، سەربانی گڵ بە زستانان بە باگوردێن نەیگێڕی، ئەوە لە ژوورەکانی خانووەکە دڵۆپە دەکەن.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، سەربانی گڵ دەبێ باگردێنی پێدا بێنی، کە پێویستی بکردبایە، پێش هەموو کەسێک ڕام دەکردە سەربان، هەموو بە دوامدا دەهاتن، ئاوا فێر کرابوون، کە من ڕام دەکرد و دەمگوت بارانە، یەکسەر کا-مان پێوە دەکرد. بڕوات بێ کە دەچوومە سەربان، هەموو تیپی مەولەوی دوام دەکەوتن، ئیشەکانمان پێکەوە دەکرد، لیژنەمان هەبوو.

**ڕامان:** چەند لیژنەتان هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لیژنەیەکمان هەبوو، ئەویش لیژنەی هونەری بوو، بۆ وەرگرتنی ئەندام و هەڵسەنگاندنی گۆرانی پێکهاتبوو.

**ڕامان:** ئەی دەستەی کارگێڕیتان کێ و کێ بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ناوەکانی دەستەی کارگێڕی، هەموویم بە تەواوی هەیە.

**ڕامان:** ئەو کاتە سەرۆکی تیپەکە کێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** سەرۆکی تیپ هەر من بووم.

**ڕامان:** ئەی ناوی ئەندامەکانی دی بۆ ناڵێی؟

**نامدار قەرەداغی:** یەک بە یەک ناوی ئەندامەکانی دی دەزانم، بەڵام گۆڕانکاریی تێدا بووە، عەلی حەمەڕەزا ، م. حەمەسەعید عەبدوڵڵا، م. حسێن ئەحمەد خدر، کە حەمەسەعید عەبدوڵڵا کەمانچەژەن بوو، ئەمانە هەموویان لە کۆمەڵیش لەگەڵم بوون.

**ڕامان:** تۆ پێشتر گوتت خۆم شاردبووەوە، بۆچی خۆت شاردبووەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو خۆشاردنەوەیە ساڵی ١٩٨٢ بوو، لە سەربازی ڕام کردبوو، نەک فیرارم کردبێ، هەر نەچووبووم بۆ سەربازی.

**ڕامان:** تۆ باسی خۆشاردنەوەت کرد، بۆیە گوتم با بەسەریدا نەڕۆین، چەند جار خۆت شاردووەتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** یەک جار، چەند مانگێک بوو، هاوڕێیان پێیان دەگوتم دۆخەکە مەترسیدارە، دەبێ بڕۆی بۆ دەرەوە، من بەو هیوایە بووم لە شەڕی ئێران و عێراقدا، ئێران هێرش بکات، وام دەزانی ئەو شەڕە کۆتایی دێت و ڕژێم دەڕووخێ، کەسوکاریش گوشارێکی زۆریان لێ دەکردم، تکایان لێ دەکردم کە نەڕۆمە شاخ، منیش خوێنم گەرم بوو، دەمویست بڕۆمە شاخ، ئەوانیش سوور بوون و دەیانگوت نابێ بڕۆی، دوایی کە بڕیارم داو ڕۆیشتم، گوتیان نابێ لە شاخ بمێنیتەوە، دەبێ

بە زووترین کات بچیتە دەرەوەی وڵات، سالاری برام لە دەرەوەی وڵات بوو، گوتیان دەبێ بچی بۆ لای ئەو، ئەمەش حەکایەتێکی دیکەیە.

**ڕامان:** باسکردنی ئەوە دەخەینە دوایی، ئێمە جارێ لە باسی ساڵی ١٩٧٧داین و دەمانەوێ هەنگاو بە هەنگاو بۆی بڕۆین.

**نامدار قەرەداغی:** لە ساڵی ١٩٧٧دا، تیپی مەولەوی هەرچی ئاهەنگێکی هەبووایە ئێمە دەمانکرد، یانەی ئەندازیاران، یانەی پزیشکان، ڕۆژی جیهانیی مۆسیقا، کارگەی شەکرە و جگەرەی سلێمانی، بۆ نموونە هاتنە پێشەوەی ناسری ڕەزازی، کە ئێمە هێنامان.

**ڕامان:** کە ئێوە (ناسری ڕەزازی)تان هێنا، خۆی لە کوێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوکاتە من لە قوتابخانەی بێخود مامۆستا بووم، ناسری ڕەزازی تازە کاسێتێکی بەناوی «ئای چەندەم خۆش دەوێ»ی دەرکردبوو و بڵاوکرابووەوە، لە سلێمانی بەناوبانگ بوو. مامۆستایەک هات گوتی دەڵێن ناسری ڕەزازی هاتووە و لە تەکیەکەی شێخ عوسمانی بیارەیە لە بیارە، گوتم دڵنیای هاتووە و لەوێیە؟ گوتی بەڵێ، زۆر دڵنیام. گوتم ئەوە دەڕۆم بۆ لای. مامۆستا عارف عەبدوڵڵا هەیە، باوکی ئالان عارف کە قوتابی من بووە.

**ڕامان:** بەڵێ، هەردووکیان دەناسم، کوڕەکەی ژەنیارێکی باشە.

**نامدار قەرەداغی:** مامۆستا عارف گوتی منیش لەگەڵت دێم. گوتم باشە، بەڵام (ئالان)ی کوڕیشت بێنە، ئەوە قوتابی منە و لە کەمانچەژەنە هەرە باشەکانی ناو قوتابییەکانمە، جەمالی عومەر ملۆزم، کە هێشتا لە ژیاندا ماوە و ئێستا نەخۆشە و دۆخی باش نییە، گوتی من ئۆتۆمبێلم هەیە، خۆم دەتانبەم. سوار بووین و بەرەو بیارە چووین، مامۆستا عارف عەبدوڵڵا مەنجەڵێک مریشک و خواردنی لەگەڵ خۆی هێنا، (ئالان)ی کوڕیشی بە خۆی و کەمانچەکەیەوە هات، بەرەو بیارە ڕۆیشتین، لە تەکیەکەی شێخ عوسمانی بیارە چووینە ژوورەوە و گوتمان ناسری ڕەزازی لێرەیە؟

**ڕامان:** مەبەستت تەکیەکەی (شێخ عوسمان نەقشبەندی)یە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، تەکیەکەی ئەو. گوتیان ئەوە (ناسری ڕەزازی)یە، چووینە لای، من یەکەم جارم بوو بیبینم، چونکە تەنیا وەک دەنگ و ناو دووراودوور ناویم بیستبوو، دوای ماچومووچ پێم گوت من (نامدار قەرەداغی)م، سەرۆکی تیپی مۆسیقای مەولەوی و تیپی منداڵانی بێخودم، هاتووم بۆ لات بۆ بەخێر هاتن، پاشان دەمانەوێ تۆ بەرین بۆ سلێمانی و خزمەتت بکەین، کە ئەمەی لێم بیست زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام گوتی ئەو هاتنە بە دەست من نییە، من بۆم نییە لەم تەکیەیە بچمە دەرەوە. پرسیم ئەی هاتنە دەرەوەت چۆنە و بە چ ڕێگەیەکە؟، گوتی لێرە بەرپرسی ئەمنیمان هەیە، ناوی ناسر-ە.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی سەیرە، ئەویش ناوی ناسر بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەویش ناسر-ی ناوبوو، کە ئەمەی گوت، ئێمە چووین بۆ لای ناسر ناوەکە، گوتمان ئێمە ئەوە و ئەمەین، من خۆم پێ ناساند، گوتم دەمانەوێ ناسری ڕەزازی لەگەڵ خۆمان ببەین. گوتی ناکرێ و ئەمە بە دەست من نییە. گوتمان بۆچی ناکرێ؟ گوتی ئەمە ئێرانییە، بۆی نییە بڕواتە هیچ کوێ. گوتمان باشە چی بکەین؟ گوتی دەبێ بڕۆن لە بەرپرسەکانەوە نووسراوم بۆ بێنن.

**ڕامان:** بەرپرسی کوێ؟

**نامدار قەرەداغی:** بەرپرسەکانی دایرەی ئەمن.

**ڕامان:** مەبەستیان ئەمنی سلێمانی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕێک نەیگوت ئەمن، نازانم بە تەواوی چی گوت، وا بزانم گوتی بەرپرسەکان، منیش لەگەڵ ناسری ڕەزازی و برادەران مریشکەکەمان هێنایە دەر و چووینە قوژبنێکەوە، لەو سەرەوە مریشک دەرهات، دەستمان بە مریشکخواردن کرد، ئەم وێنانەمان هەن، ئەوە کەمانەکەی ئالان عارف لەوێ داندراوە، گوتم ئادەی ئالان، ئاماژەیەکم بۆ کرد کەمانەکەی دەر بکا، دەستی دایە کەمانەکە، ناسری ڕەزازی گوتی مەهێڵە ئەو منداڵە دەستکاری ئەو کەمانە بکا، ئاخر ئالان زۆر منداڵ بوو. گوتی مەهێڵن ئەو منداڵە ئەو کەمانە بکاتەوە. گوتم قەی ناکا ئەوە کەمانی خۆیەتی. گوتی ئەو منداڵە لە مۆسیقا دەزانێ، ئەو منداڵە چۆن ئامێر دەژەنێ؟ ئیتر ئالان کەمانەکەی دەرهێنا و چەند پارچە مۆسیقایەکی ژەنی، ناسری ڕەزازی زۆر پێی سەرسام بوو.

**ڕامان:** بۆت باس نەکرد کە ئێوە تیپی مۆسیقای منداڵانتان هەیە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێم گوت ئێمە تیپی منداڵانمان هەیە، ئەمە یەکێکە لە ئەندامەکانی ئەو تیپەی وەک تیپی مەولەوی وایە، گوتم ئێمە دەڕۆینەوە بۆ سلێمانی و دەچین کۆمەڵێک ئیشت بۆ ئامادە دەکەین. کە گەڕامەوە سلێمانی، (شێخ جەعفەر بەرزنجی)ی پارێزگار منی باش دەناسی، چونکە لە چالاکیی قوتابخانەکان و بۆنەکانی ئێمە و ئەوان منی دیبوو، ئەو بیستبووی و بینیبووی، تەنانەت چەند کەڕەت داوای لە من کرد، کە هەندێ چالاکیی بەڕێوە ببم، بەڵام ئەوان بۆ شتێکی تر دەچوون، منی دەناسی و خۆشی دەویستم، بەڵام ئەنوەر عومەر یوونس هەبوو، مێردی مەندانە خانم، خەسووی شێخ جەعفەر بەرزنجی.

**ڕامان:** دەزانم، مەندانە خانم، دایکی (شێخ قادر شێخ حسێن کەسنەزانی)ی هاوڕێم بوو، بۆیە لە سلێمانی بە قالەی مەندانە دەناسرا.

**نامدار قەرەداغی:** لەو بەینەدا لە ئەڵمانیا ئەمری خوای کرد، نزیکەی ساڵێک دەبێ، چونکە من پێوەندیم لەگەڵیان هەبوو، ئەم (ئەنوەر عومەر یوونس)ە دەبێ بە زڕخەزووری شێخ جەعفەر بەرزنجی، گوتی با پێکەوە بچین بۆ لای، منیش لەگەڵتدا دێم. گوتم باشە، ئەوە بوو چووین بۆ لای و پێم گوت یاشێخ ناسری ڕەزازی هاتووە و هەموو حیکایەتەکەم بۆ گێڕایەوە، بەڵام دەڵێن بۆی نییە بێت بۆ سلێمانی و داوای نووسراوی ڕەسمیمان لێ دەکەن، لە کاتێکدا ئێمە دەمانەوێ وەکوو تیپی مەولەوی لەلامان میوان بێ و خزمەتی بکەین و ئاهەنگی بۆ بگێڕین.

**ڕامان:** پارێزگار ناسری ڕەزازی دەناسی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەویش دەیناسی، پێشنیارەکەی زۆر پێ خۆش بوو، جیهازێکی هەبوو، بە بەردەستەکانی گوت بەڕێوەبەری (ئەمن)م بۆ وەرگرن، بەڕێوەبەری (ئەمن)یان بۆ وەرگرت، قسەی لەگەڵدا کرد، گوتی سەیدی (گەورەم) و نازانم چی، بەخوا سەیدی و زیاتریشی گوت، گوتی ناسری ڕەزازی کەسێکی وایە وایە، بۆی گەورە کرد و ...

**ڕامان:** کامیان بە کامیانی گوت سەیدی؟

**نامدار قەرەداغی:** شێخ جەعفەر بەرزنجی بە بەڕێوەبەری (ئەمن)ی گوت سەیدی- گەورەم، ئێستا لەم حیکایەتەدا شتی دیکەشت بۆ دەردەکەوێ. من باسی ساڵی ١٩٧٩ت بۆ دەکەم، ئەو ساڵە لەگەڵ ئێستا زۆری جیاوازە، با لە قسەدا هەڵە نەکەین، دەبێ ڕاستیی وەک خۆی بنووسرێتەوە، بەڵام هەڵوێستەکە خۆی گرنگە، گوتی ناسری ڕەزازی ئاوایە و ئاوایە،

لێـرە تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی هەیـە، ئەوانـە تیپێکی وان و وان، دەیانـەوێ میوانداری بکـەن و ئاهەنگـی بـۆ بگێـڕن. ئەویش گوتـی باشـە.

**ڕامـان:** بەڕێوەبـەری ئەمـن بـە قسـە بـە پارێزگاری گـوت ڕەزامەنـدم و لاریـم نییـە، ئـەی نووسـراوێکی فەرمیی نەدایە ئێوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نووسـراوێکی داینـێ، نووسـراوەکەم مـاوە، تێیـدا نووسـرابوو «بناء على الموافقة التلفونية مع السيد مدير أمن محافظة السليمانية، قررنا استضافة المطرب الايراني ناصر الرزازي كضيف على فرقة مولوي الموسقية في السليمانية لاحياء مجموعة حفلات»، لـە نووسـراوەکەدا نووسـراوە ناسـری ڕەزازی لەسـەر نـاوی تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی، لێـرە میـوان دەبـێ، نووسـراوەکەمان وەرگـرت و خۆشـی خۆشـی گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە و ئەندامانـی تیپـی (مەولـەوی)م کۆکـردەوە، نزیکـە هـەرە نزیکەکانـم ئـاگادار کـردەوە، پاسـێکی لـەم هـەژدە، بیسـت نەفەریانەمـان گـرت و لێمـان دا چووین بـۆ بیـارە.

**ڕامان:** بیارە، یان پێنجوێن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بیـارە، پێنجوێنەکانـم هەمـووی هەڵەیـە، بیارەیـە.

**ڕامان:** تۆ لە سەرەتاوە هەر پێنجوێن دەڵێی.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەمـە هەڵەیـە، لـەوێ بـە ناسـر ناوەکـەم گـوت ئەمـرم هێنـاوە و نووسـراوی ڕەسـمیم پێیـە، ناسـری ڕەزازی دەبـێ بـە میوانـی ئێمـە. گوتـی نووسـراوی کێیـە، گوتـم پارێـزگاری سـلێمانی، ڕێـک گوتـی هـی پارێـزگار نایخـوا.

**ڕامـان:** دیـارە ئـەو بەرپرسـە ئەمنییـەی بیـارە، دەسـەڵاتی لـە پارێـزگار زیاتـر بـووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵـێ، هەمـووی بـە ئەمـری ئـەو ناسـر نـاوە بـوو. گوتـی ئێمـە (ناسـری ڕەزازی)تـان نادەینـێ، بەرپرسـی ئەمـن کـە لـە تەکیەکـەی (شـێخ عوسـمانی بیـارە) بـوو گوتـی نووسـراوی پارێـزگار نایخـوا. گوتـم باشـە قـەی نـاکا، تـۆ نووسـراوەکە بخوێنـەرەوە، ئـەو کاتـە تێدەگـەی چۆنـە؟، وەڵامەکەم دایـە دەسـتی، تێیـدا نووسـراوە بەپێـی ڕەزامەندییـە تەلەفۆنییەکـەی نێوان بەڕێوەبـەری ئەمـن و پارێزگار، کـە خوێندییـەوە یەکسـەر بیـروڕای گـۆڕا و گوتـی تـەواوە.

**ڕامان:** ئیتـر (ناسری ڕەزازی)تان بەرەو سلێمانی هێنا ؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵـێ، بـە خۆشـی و فەرتەنـە هێنامـان و گەیشـتینە بـەر ماڵـی خۆمـان، لەبـەر ماڵـی ئێمـە ناسـری ڕەزازی دابـەزی، مـن لـە دەرگاکـەم دا، ئەلێـرە نەوییـەوە بـۆ عـەرزە و عەرزەکـەی بـەر دەرگای ماڵـی ئێمـەی مـاچ کـرد، گوتـی مـن زۆر لەمێـژە تامـەزرۆی بینینـی سـلێمانیم، مـن شـێتی سـلێمانیم، کۆمەڵێـک لـەم قسـانەی کـرد، ئیتـر ناسـری ڕەزازی ماوەیەکـی زۆر لەلامـان مایـەوە، لـە ماڵـی ئێمـە میـوان بـوو.

**ڕامان:** دیـارە خێزانەکـەی و منداڵەکانـی لەگەڵـدا نەبووە ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نەخێـر، یەکـەم جـار هـەر خـۆی بـوو، دووەم جـار خێزانەکـەی و دڵنیـای کچـی هێنـا، زۆر لەلامـان مایـەوە، ئێمـە فلسـێکمان نەبـوو، ئابوونەمـان دەدایـە تیـپ، هەمـوو مەسـرەفێکیان لەسـەر ئێمـە بـوو، هەمـوو شـاری سـلێمانی ڕووی کـردە ماڵـی ئێمـە، لـە ئێرانـەوە هـەر کەسـێک بهاتبایـە سـلێمانی ڕووی دەکـردە ماڵـی ئێمـە، تـۆ دەبـێ پێشـوازی لـەم هەمـوو خەڵکـە بکـەی، یەکسـەر دەبـێ کۆنسـێرت و ئـاواز و گۆرانـی بـۆ ئامـادە بکـەی، ئەمـە لـەڕووی ماددی و مەعنـەوی و هونەرییـەوە هەمـووی مـن بـووم.

**ڕامان:** خۆت شیعر و گۆرانییەکانت بۆ هەڵدەبژارد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بـە ڕاوێـژ و ڕێکەوتـن لەگـەڵ

(ناسـری ڕەزازی)دا پێکـەوە دەمانکـرد کـە چـی بڵـێ و چـی نەڵـێ، ئەوجا وەرە پێشـەکی مۆسـیقا بـۆ گۆرانییەکانـی دانـێ و بیرازێنــەوە، خەریکـی دابەشـکردنی مۆسـیقاکەی بـە، ئەمـە هەمـووی دەبـێ زۆر بـە خێرایـی بکرێـن، لـە پاڵیـدا ئـەم هەمـوو میوانـەش بـەڕێ بکەیـن.

**ڕامان:** ئەم هەموو کارە لە ماڵی ئێوە کران؟

**نامـدار قەرەداغـی:** هەمـووی لـە ماڵـی ئێمـە بـوو.

**ڕامـان:** ژەنیارەکانیـش دەهاتـن بـۆ لاتـان بـۆ ماڵـەوە، یـان لـە تیپـی مەولـەوی کـۆ دەبوونـەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نـا، لەگـەڵ ژەنیـارەکان دەچوویـن بـۆ تیپـی مەولـەوی، ئەوسـا لـە خانووەکـەدا بوویـن، دەچوویـن لـە مەولـەوی ڕاهێنانمـان دەکرد، ئـەو ماوەیـە هەمـووی ناسـری ڕەزازی لـە ماڵـی ئێمـە بـوو، بـەم هیلاکییـە زۆرە بەرنامەیەکـی چاکمـان بـۆ ئامادە کـرد، دوای ئەوە بیرمـان کـردەوە لـە کـوێ کۆنسـێرتەکە بکەیـن؟ هۆڵـی سـەندیکای کرێکارانـی سـلێمانی، کـە ئێسـتا بووەتـە نەخۆشـخانەی سـەفین، هۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو.

**ڕامـان:** هۆڵێکـی بـاش بـوو، ئێمـەش کاتـی خـۆی چالاکیمـان لـەو هۆڵـەدا کـردووە، لـە ساڵانی هەشـتاکان (عەلـی مـەردان)م هێنایـە ئـەو هۆڵــەوە.

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**ڕامـان:** سـاڵی ١٩٨١، پێـش مردنـی عەلـی مـەردان بـە چەنـد مانگێـک بـوو.

**نامدار قەرەداغی:** کـە هاتینـە سـەر عەلـی مەردان، ئەویشـت بـۆ بـاس دەکەم.

**ڕامان:** لەگـەڵ ناسـری ڕەزازی لە کـوێ وێنەیەکیان پێکەوە گرتووە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەو کاتـە بـوو کـە سـالاری بـرام، بـە قاچـاغ بـردی بـۆ بەغـدا، ئـەو کارە زۆر مەترسـیداریش بـوو، ئـەو هەمـوو شـتەمان کـرد، هەمـوو سـلێمانی ڕووی کـردە ئـەو هۆڵـەی سـەندیکای کرێـکاران.

**ڕامـان:** ئـەو زەمانـە هۆڵـی سـەندیکای کرێکاران، لـە هەمـوو هۆڵەکانـی سلێمانی گەورەتـر بوو.

**نامـدار قەرەداغـی:** بنمیچـی هۆڵەکـە زۆر بـەرز بـوو، موبەڕیـدەکان لـە پەنجەرەکانـی سـەرەوە داندرابـوون، بـڕوات بـێ ئەوەنـدە قەڵەباڵـغ بـوو، جێگـە نەمابـوو، پاڵیـان بـە دەرگاوە دەنـا، لەوانەیـە کـەس بـڕوا نـەکا، جـێ نەمـا بـوو، خەڵـک دەیویسـت لـەو پەنجەرانـەوە خۆیـان هەڵدەنـە خـوارەوە تـا بێنـە نـاو هۆڵەکـەوە، کۆمەڵێـک ئەمـن هاتـن، پیـاوی گـەورە هەمـووی لـەوێ بـوون، هونەرمەنـدەکان لـە ئەحمـەد سـالارەوە بگـرە بـۆ کـێ و کـێ هەمـووی لـەوێ بـوون.

**ڕامـان:** ئەمنـەکان کـە هاتنـە نـاو هۆڵەکـەوە چییـان کـرد، هیچیـان پـێ نەگوتـن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەمنـەکان پێیـان گوتیـن، کـە ئاهەنگەکـە دەسـتی پێکـرد، دەبـێ ناسـری ڕەزازی باسـی حزبـی بەعـس و سـەرۆک سـەددام حسـێن بـکات، باسـی ئـەوەش بـکا کـە لێـرە میوانـە، لـەو عانـەدا ئـەو قسـەیە بـۆ ئێمـە وەک چەقـۆ لـە دڵـدان بـوو، ئەگـەر شـتی وا بڵـێ، ئـەوە زۆر لەسـەرمان دەکـەوێ، نەیڵـێ تووشـی بگـرە و بـەردەی ئەمـن دەبیـن، ئـەی خوایە چـۆن خۆمـان تـووش کـرد، نایکـەی دەتگـرن، دەیکـەی نابـێ و لـە بیروبـاوەڕی خـۆت لات داوە، لـەو کاتـەدا حـەزم دەکـرد (ناسـری ڕەزازی)م نەهێنایـە بـۆ سـلێمانی، بـەڵام ئـەوە تـازە هێناومـە.

**ڕامان:** چۆن خۆتان لەو کێشەیە ڕزگار کرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** سـالاری بـرام بانـگ کـردە سـووچێکەوە، گوتـم شـتێکی وام پـێ گوتـراوە،

چی بکەین و چی نەکەین؟ ڕێککەوتین شتێک بە ناسری ڕەزازی بڵێین، داوامان لێ کرد شتێک بڵێ، زۆر لەوەی ئەوان داوایان دەکرد خەفیفتر، بەڵام بە زمانی کوردی بێ، تا ئەوانەی عەرەبن لە قسەکانی تێ نەگەن.

**ڕامان:** شریتی وێنەگیراوی وتەکان و کۆنسێرتەکە ماوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئێستاش شریتەکە ماوە، لەباتی ناوهێنانی سەددام حسێن و بەعس، بڕیارمان دا بڵێ زۆر سپاسی حکومەتی عێراق دەکەم، کە میوانداریی منیان قبووڵ کرد و لەو جۆرە قسانە بکا. گوتم ئەمە دەکەین، بزانین چی لێ دەردەچێ. ئەوەمان کرد، لەوانیش وایە ئەم قسانە شتی باشن، سالاری برام دنیایەک قسەی کرد، باسی کورد و کوردایەتی کرد، ئەمانیش وایان دەزانی ئەو وتەیە ئەمەی ئەوانیشی تێدایە، بەمە ڕزگارمان بوو. ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە گوشارمان لەسەر بوو، بەڵام هەر چۆنێ بوو ئەو ئاهەنگەمان بۆی کرد.

**ڕامان:** ساڵی چەند ئەو ئاهەنگەتان بۆی ساز کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە هەر ساڵی ١٩٧٩ بوو.

**ڕامان:** کاسێتی دووەم کێ بۆی کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە گرووپی سنە بۆیان کردبوو، گرووپی لاوانی سنە، ئێمە پێوەندیمان پێوەی نییە، پێش ئەوەی بێ بۆ ئێرە بۆیان کردبوو. یەکێتیی مامۆستایان هاتن بۆ لامان گوتیان ئێمە لە شەقڵاوە کۆنگرەی مامۆستایانمان هەیە، بەشکم لەو کۆنگرەیەدا (ناسری ڕەزازی)یش بێ و بەشدار بێ و ئاهەنگێک بگێڕین، لەو کۆنگرەیەدا هەموو مامۆستایان ئامادەی دەبن، کۆنگرەکە گەورەیە و خەڵکێکی زۆر ئامادەی دەبن. گوتمان باشە، ئەو ئاهەنگەتان بۆ دەکەین.

**ڕامان:** دیارە چوونی ناسری ڕەزازی بۆ ئەو جۆرە شوێنانە بە دەست ئێوە بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ڕێککەوتین بۆ شەقڵاوە و لەوێشەوە بۆ دهۆک بچین، بۆ ئەوەی دوو ئاهەنگ لە شەقڵاوە و لە دهۆک ساز بکەین، هەردووکیمان کرد، لە دهۆک کۆمەڵە لاوێک کە زۆر سەرگەرم بوون، لە دواوە کردیان بە هوتاف کێشان و سروودگوتن، لە دهۆک ئەوانەیان گرت. پەیام بۆ ئێمە هات کۆمەڵە گەنجێک گیراون، لە دواوە هوتاف و دروشمیان داوە و بردوویانن بۆ ئەمن.

**ڕامان:** وەک بزانی دوایی چۆن ئەو لاوە گیراوانەیان ئازاد کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە (ناسری ڕەزازی)مان ناردە لایان، گوتبووی ئەوانە گەنجن و هیچی وا نەبووە، ئەوە بوو بەریان دان و لەوەش ڕزگارمان بوو، ئەوجا هاتینەوە سلێمانی، هەموو سلێمانی و خەڵک تەلەفۆنیان دەکرد، یان دەهاتنە ماڵمان و خۆیان بە ماڵماندا دەکرد، یەکێک دەیگوت من دراوسێی ماڵی خزمێکتانم، یەکێک دەیگوت تۆ کوڕی منی، دەبێ بێم بیبینم، بەم جۆرە ناخۆشترین و ناڕەحەتترین کاتمان بەسەر برد، بەڵام لەو کاتانەدا کە ناسری ڕەزازی هاتە لامان، زۆرترین ئیش کرا.

**ڕامان:** ناسری ڕەزازی ماوەی چەند لە ماڵی ئێوە مایەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکەم کەڕەت دوو سێ مانگ لەلامان مایەوە، بە تەواوی نازانم ماوەکەی چەند بوو، دەبێ دوایی ساغی بکەمەوە، دووەم جاریش لەگەڵ مەرزیە و دڵنیای کچی دوو سێ مانگی دیکە هەر لە ماڵی ئێمە مانەوە.

**ڕامان:** دوای ماڵی ئێوە، چوونە ماڵی کێ؟

**نامدار قەرەداغی:** پاش چەند مانگێک گەڕانەوە ئەودیو، دواتر مەرزیە فەریقی بە دزییەوە، بە تەنیا گەڕایەوە و هاتەوە ماڵی ئێمە، کاسێتێکی نوێی ناسری ڕەزازی پێ بوو، هێنابووی لە تۆمارگەکاندا بگەڕێین و بۆی بفرۆشین، ئەو کارەشم بۆ کرد، بە زۆربەی تۆمارگەکاندا گەڕام و پارەم بۆ کۆکردەوە، خۆم و ڕەوانشاد حەمەی ئاسنگەر پارەی زۆری ترمان خستە سەری، پاشان بە دزییەوە و بە ڕێگەی قاچاغ، بە پیکابەکەی حەمەی ئاسنگەر ڕەوانەی ئەودیومان کردەوە، کە من لێرە نەمام و چوومە دەرەوەی وڵات، ئیتر نازانم چوونە ماڵی کێ.

**ڕامان:** شەوێک لە ماڵی کاوەی ئەحمەد میرزا میوان بووە، لەوێ بە مۆسیقاوە گۆرانی گوتووە، لەسەر داواکاری ئامادەبووان گۆرانی نەجیبە یار نەجیبەیان پێ گوتووە، تۆ لەوە ئاگاداری؟

**نامدار قەرەداغی:** قوربان ئەوە من بردم بۆ ئەوێ، شەوێک چووە ئەوێ، ئەوە جیایە، میوانداری بووە.

**ڕامان:** باسێکی ئەو میوانداریی کردنەمان بۆ بکە؟

**نامدار قەرەداغی:** من چاک لەبیرمە، هەمووشی تۆمار کراوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموومان کراوە، من دەزانم لەو چاوپێکەوتنەدا چیم گوت، ناسری ڕەزازی چی گوت، ئەنوەر قەرەداغی چی گوت کە مۆسیقای بۆ لێ دا، ئەوە میوانداریش نەبوو، دەعوەتێکە، تیپی مۆسیقای سلێمانی داوایان لە ئێمە کرد و گوتیان دەمانەوێ ناسری ڕەزازی لەگەڵ ئێمەش گۆرانی بڵێ، ئەو میوان بێ، بەڵام لەژێر چاودێری ئێمەدابێ.

**ڕامان:** تیپی مۆسیقای سلێمانی داوای (ناسری ڕەزازی)یان لە ئێوە کرد گۆرانییان لەگەڵ بڵێ، وەڵامی ئێوە چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** گوتم خۆ ناسری ڕەزازی موڵکی تیپی مەولەوی نییە، ئەو موڵکی ئێوەشە، موڵکی هەموو کوردە، ئێمە لەسەدا دووسەد ڕازین، زۆریشمان پێ خۆشە، هانیشی دەدەین بێ لەگەڵ ئێوەدا گۆرانی بڵێ، ناردمان گۆرانیشی لەگەڵیان گوت، گۆرانییەکی لەگەڵیان گوت، دووەم گۆرانیشیان بۆ ئامادە کردبوو، ئیتر خۆی نەچووەوە لایان.

**ڕامان:** تەنیا گۆرانییەکیان بۆ تۆمار کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، تیپی مۆسیقای سلێمانی یەک گۆرانییان بۆ تۆمار کرد.

**ڕامان:** کۆنسێرتیان بۆ نەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، داوای ئەوەشیان نەکردووە لە کۆنسێرتدا بەشدار بێ، ئامادەکردنی کۆنسێرت عایدی ئێمە بوو، ئێمە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقامان ئامادە کرد، کە لە هۆڵی سانەویی سلێمانی بوو، ناسری ڕەزازی لەگەڵ ئێمەدا گۆرانی گوت.

**ڕامان:** لەو کۆنسێرتەدا تەنیا ناسری ڕەزازی گۆرانی وت؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، ئەوەی دەیڵێم مێژووە، من هاتم عوسمان کەیمنەیی و (سیروان هەورامی)م هێنا، هەر لەو کۆنسێرتەدا، ئەم دووانە یەکەم کەڕەتیان بوو بێن لەگەڵ تیپی مۆسیقا گۆرانی بڵێن، عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئەو دوو گۆرانبێژە گەورەیە، یەکەم کەڕەتیان بوو لەگەڵ تیپێکی مۆسیقا، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بێن، ئێمە مۆسیقامان بۆ لێ دان، ناسری ڕەزازی، سەلاح مەجید، برایم خەیات و زۆر لە گۆرانیبێژەکانی دیکە هاتن گۆرانییان گوت، ئەوانە هەموویان دۆستی نزیکی ئێمە بوون، لەناو ئەوانەدا بۆ نموونە (قادر کابان)یش بوو.

**ڕامان:** ئەو ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی مۆسیقایە، هەر ساڵی ١٩٧٩ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕۆژی جیهانیی مۆسیقای ساڵی ١٩٧٩ نەبوو، لێم تێک نەچێ ساڵی ١٩٨٠ بوو، بەم جۆرە لەگەڵ ناسری ڕەزازی لەم هەموو ئاهەنگانەدا بەشداریمان کرد، بۆ نموونە تیپی منداڵانی بێخود، ئاهەنگی دایکان و باوکان و مامۆستایانمان هەبوو، ناسری ڕەزازی لەگەڵمان هات و گۆرانیی گوت.

**ڕامان:** ئەی بیرتان لەوە نەکردەوە گۆرانیی هونەریی بۆ تۆمار بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەر ئەم ئاهەنگانە نەبوون، بیرمان لەوەش کردەوە کە پێویستە گۆرانیی هونەریی بۆ تۆمار بکەین، بۆ ئەو مەبەستە چووم داوام لە زانکۆی سلێمانی کرد، ئەوان ستۆدیۆیەکی باشیان هەبوو، جەنان قوستەنتین لەوێ فەرمانبەر بوو، هەر ئەویش لەوێ سەرپەرشتیار بوو، وابزانم موئەیدیش لەوێ بوو، کە نازانم ناوی باوکی چییە، ئەوانە هەردووکیان مەسیحی بوون، کاتی خۆی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی و لە زانکۆش بوون، ستۆدیۆی زانکۆکەمان وەرگرت، لەگەڵ (ناسری ڕەزازی)دا هەشت نۆ گۆرانیم هەڵبژارد، کە بۆی تۆمار بکەین.

**ڕامان:** هەموو گۆرانییەکان تۆ ئامادە و دابەشت کردن؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، بۆ ئەمانەت یەکێک لەو گۆرانییانە دابەش کردنەکەیم بە سەڵاح ڕەئووف سپارد کە ئەو بۆی بکا، بە جوانی دابەشی کرد، ئەوانەی دیکە هەمووی خۆم بۆم کرد، (دێوانە خۆم) و (هەر من بێکەس)م و کۆمەڵێک گۆرانی لە شریتەکەی ئێمەدا هەن، چەند گۆرانییەکی زۆر خۆشن و بە شێوەیەکی زۆر هونەریی تۆمار کراون، ئەوەشمان بڵاو کردەوە، ئیتر ناسری ڕەزازی ویستی بڕواتەوە، قسەیان لەگەڵ کرد بگەڕێتەوە.

**ڕامان:** دیسان بڕواتەوە بۆ ئێران؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، شتی تریشمان بۆ کرد، لەماڵی حەمەی ئاسنگەر، کە برادەرمان بوو و زۆر حەزی لە هونەر بوو، زیاد لە پێویست ناسری ڕەزازی خۆش دەویست، وەک چۆن جەماڵی دەلاک، ناسری ڕەزازی خۆش دەوێ، ئەویش وەک ئەو وابوو، لەویش زیاتر خۆشی دەویست، لە ماڵی حەمەی ئاسنگەر دەعوەت بووین، لەوێش شریتێکمان بۆ تۆمار کرد، کە هەمووی مەقامات بوو، لەو شریتەدا (گۆران برایم خەیات)ی کەمانچەژەن کە کوڕێکی زۆر ڕێکوپێک و بە ئەدەبە لەگەڵمان بەشدار بوو.

**ڕامان:** گۆران ئیبراهیم خەیات یەکێک لە ژەنیارە باشەکانە، بە داخەوە ماوەیەکە چالاکی و هەواڵی نییە.

**نامدار قەرەداغی:** ئەویش کەمانچەی لێ دەدا، من بە جونبوش و ناسری ڕەزازی بە دەفێکەوە لەوێش کۆمەڵێک مەقامات و بەستەمان تۆمار کرد، کە ئەوانیش سیاسی و نیشتمانیی بوون، دواتر (ناسری ڕەزازی)مان بۆ ئێران بەڕێ کرد، ئەوەی پێشتر باسم کرد کە لە ماڵی حەمەی ئاسنگەر بووین، ئەمەیان هاتنەوەی جاری دووەم بوو کە گەڕایەوە.